# ئەنفال

ئاكۆ ئەحمەد

لەكوێن ئێوە. . . . ؟
زۆر لە مێژە چاوەڕوانین هەواڵێکتان پێمان بگا
لە کوێن ئێوە. . . . . ؟
هیوای منە و گشت کوردستان
مناڵە بێ نازەکانتان
دایك جەرك بڕاوەکان
تازەبوکی یەك شەوەکان
پێتان بگا ؛
لە کوێن ئێوە. . . . . ؟
دەوەرنەوە. .
بادامرکێ هیوا و ئاوات و هەناسەی ئەم میللەتە
دەوەرنەوە. . .
بۆ ماچێکتان
دەیان باوك
بۆ ئامێزتان
دەیان دایك ؛
وردیلەکان
زۆربەتاسەن ؛
دەوەرنەوە. . . .
گشت کوردستان چاوەڕوانە ؛
چاوی دوژمنمان دەرهێنا
ئازاد کرا
باشوور، باکوور. .
خۆرهەڵات و خۆرئاوا ؛
ماڵی هەزاران پێشمەرگەی نەمر ئاوا
شەهید ئاوا. . . . ،
لەکوێن ئێوە. . . . . ؟
دەوەرنەوە. .
ئەگەر ماون. . . . . ؛
دڵمان خۆشکەن
با پێکەوە چێژی ئازادی بچێژین
هەروەرنەوە. . . . . ؟
ئەگەر شەهیدیش کراون
با بە ئازادی و سەربەستی ؛

به هه‌لهه‌له و به گۆرانی و به سه‌ربه‌رزی
بتان نێژین ؛
ئه‌ی گه‌وره‌كان
ئێوه نه‌مرن
ئێوه شانازی و سه‌ربه‌رزی
ئێوه‌ی كوردن
ده‌وه‌رنه‌وه. . .
سه‌ر هه‌ڵبڕن بۆ ئاسمان و ئه‌ستێره‌و خوا
وتویانه
{ ئه‌وه‌ی بستێ خاكی نه‌بێ
خوا و ئه‌ستێره و ئاسمانی كوا }*
ئه‌وه كۆنه وتویانه. . . .
له كوێن ئێوه. . . . ؟
ده‌وه‌رنه‌وه. . . . . . .
ئێستا ئه‌گه‌ر ئاسمان ده‌ڵێن ؛
یان ئه‌ستێره، مانگ و خۆریش
خاك و خوداش
هی خۆمانه.
هه‌ر وه‌رنه‌وه. . . . . . . . . .
هه‌ر وه‌رنه‌وه. . . . . . . . . .

*{ عه‌بدوڵلا په‌شێو }

فینله‌نده

www.kurdistannet.org كوردستان نێت